

**بۆ پەشیمـــــــــانی**
**هۆنراوەی شالاّو**

**بـۆپەشیمانی تۆلـەدڵـــــداری**
**ئە بـێ بیچێژی ئێش وئـــازاری**

**کە تۆ دڵت داو دڵێکـــت ئەستاند**
**زۆر دڵنیا بە دوو دڵت ســـووتاند**

**ئێستاش لە پای چی لە خوا ناترسی**
**بەزەییت نایێ بە خـــۆشەویستی**

**تۆپەشیمانی وهەرپەشیمـــــان بە**
**چاو بە فرمێسک ودڵ بەگریـــان بە**

**تاکـــو ئەو ڕۆژەی دەگـــەڕێیتەوە**
**شێت وسووتـــاوی عەشقی جاران بە**

**باوەشی عەشقـــی من کـــراوەیە**
**بۆ ڕۆژەکانی یەکـــتر پـــەرستی**

**بەهار بەبێ گوڵ ڕەنگــــێ نانوێنی**
**ژیان پایزە بـــێ خـــۆشەویستی**

**ئەم هۆنراوە کراوە بە گۆرانی**
**لەلایەن هونەرمەند زەکەریا**